

# شەڕو ئاشتی پەنجەکان

کەژاڵ ئیبراهیم خدر

**1**
لەنێوانی پەنجەکانی من و تۆدا
من ئێستا وەک نابینایەک
پەنجەکانم ناناسمەوە
لەورۆژەوەی پەنجەکانم و
پەنجەکانت ئاوێزان بوون
رەنگ و بۆنی یەکیان گرتوو
خۆیان بۆ جیاناکرێنەوە

**2**
پەنجەکانی دەستی چەپم
گەلێ جاران وەکوو دوژمن
بەگژ دەستی راستما دەچن
دەزانێ بۆ ؟ بەغیلی و ئیرەیت پێدەبەن
چونکە پەنجەی دەستی راستم
تەوقە لەگەڵ دەستت دەکەن؟

**3**
بیرمە ئێستاش کە مناڵ بووم
دایکم پەنجەی شایەتمانی رادەوەشاند
بەدەنگی بەرز پێی دەووتم
ئەتۆ کچی
مەچۆ بۆ ئەوێ شەرمە
بۆ ئەو لایەش شوورەییە
نەکەی بچی ؟
کەگەورە بووم
پەنجەکانت فێریان کردم

ئەو پەنجەیەم هەر بشكێنم
لەكچەكەمی راوەشێنم

**4**

كەمناڵ بووم
پەنجە گەورەم لەتوێی لێوەكانما
دەمژی
تاكوو دواجار بێ بەزەیی
بەئاگری جگەرەكەی دەستی باوكم
پەنجە گەورەیان داخ كردم
تۆبلێی گەر، وەكوو سەردەمی منالیم
ئارەزووكەم ،
هەموو پەنجەكانت بمژم
تۆ دڵت بێ داخم بكەیت .

**5**

دەڵێن كافرن ئەوانەی
رۆژی پێنج جار پەنجەكانیان تەڕ ناكەن و
ئەو پەنجانە بێ دەست نوێژن
من پێنج فەرزە پەنجەكانم
بەبارانی چاوت دەشۆم
لەسەر تاشەبەردەكانی روخسارتدا
نوێژەكانی عشقت دەكەم

**6**

عاشقان سەیری چاوت دەكەن
من هەر سەیری پەنجەكانت
ئەوان عشق نین عاشقۆكەن
بۆیە وەک من
لەزمانی سەماو تێكەڵاو بوونی
پەنجەكانت تێ ناگەن

**7**
لەسووچێکی کەشکۆڵی پێشمەرگەیەکدا
بەهەناسەی پەنجەکانت
ئەم چەند دێڕەت بۆ هاوڕێیەکت نووسی بوو
ئەی هاوڕێکەم زۆر دڵنیام
ئەوکاتانەی کەپێکی عەشق هەڵدەگری
سرووودی شەهید بوون دەچڕی
ئافرەتێکیش لەبرساندا
لەسایەی کۆشکێکی بڵندا
لەدەرگای ئاسمان دەدا
کێ دەزانێ دایکی تۆیە
کێ دەزانێ ئێستا گڵکۆکەی لەکوێیە؟!

**8**
تۆشێخێکی گەورەیت و
منیش کەنیشکێکی بچووک
رێگەم بدە لەبەردەمتا بەچۆکدا بێم
کڕنووش بۆ گەورەیت بەرم
بەشەرمەوە پەنجەکانت تێر ماچ بکەم

**9**
چەند تامەزرۆم بۆن
بەپەنجەکانتەوە بکەم
ئەو پەنجانە زۆر پیرۆزن
نەبۆنی فرمێسکی ژنی لێ دێ و
نەخوێنی پیاو

**10**
هەموو پەنجەکان جوانن
تەنیا ئەو پەنجەیە نەبێ
ئەڵقەیەک داگیری دەکا؟